www.kurdistannet.org
22-7-2006 0:49 **بەکاتی ناوەندی ئەوروپا**

## دیمانەیەک لە گەڵ هونەرمەند (نازێ عەزیزی) ... سازدانی: سامان



**پرسیار / سەرەتا بزانین هونەرمە ند (نازێ عەزیزی) کێ یە؟**
**+ وەڵام / ئێمە لەبنە ماڵەیە کی گەورەی مووکریانین باوکم کەسا یەتیەکی مە شهوور بووە لەناوچە کەو باپیریشمان بەناوی حاجی کەڵەی عەزیزی مەشهوور بووە ولە بنە ماڵەکۆنەکانی ساباڵاخە. هەرلێرە ژیاوین لە بنەچە ئێمە مەشهوورین بە بنەماڵەی (حاجی کەڵەی عەزیزی) وە باپیرمان پردێکی دێرینی ناوچەکی دروست کردووە بەناوی پردی حاجی رەسووڵ عەزیزی.... ..**
**- پرسیار / بەرێز نازێ خان لەکە یەوە شێعر دەنووسی؟**
**+ وەڵام / من ماوەی شانزە (16) ساڵە شێعر دەنووسم. لەو کاتەی هەستم کرد لە دەروونم ئازارێک هەیەو دە بێت دەری ببرم هەر لەوکاتەوەی دەستم کرد بەنووسینەوەی ئەم ئازارانە پاش تێ روانینیان هەستم کرد ئەمانە شێعرن ولە دایک بوون...**
**- پرسیار / هەتا ئێستا چەند نامیلکەت هەیە؟ چ کۆمەڵە شێعرێکی تازەت بەدەستەوەیە؟**
**+ وەڵام / بەڵێ ئێستا کتێبێکی شێعری (80) لاپەرەیم بەدەستەوەیە کە بە کۆمەڵێک تابلۆی کوردەواری جون بەخشاوون. بەتەمام لەسەفەرێکی ترمدا بۆ کوردوستانی باشوور لەجاپیان بدەم.... .**
**- پرسیار / ئامانجت چی بوو لە گۆرانی ووتن. دەنگە خۆشەکەت بوو یان چی کاری تێ کردیت. ؟**
**+ وەڵام / نەخێرتەنها دەنگە خۆشەکەم نە بوو شێعر نەیدەتوانی بە تەنها لە دل و دەروونم دەرچێت بۆ جووڵاندنی زامەکانم گۆرانی بوو بە هاورێم بۆ دەربرینی غەمەکانم**
**- پرسیار / پێت وایە کەسێکی تردەنگی لە نازێ خان خۆشترە؟**
**+ وەڵام / بەڵێ بەڵێ هەرکەسێ بە قەد ئەوەی دڵی خۆی ئارام بکات دەنگی خۆشەو دەنگی خۆشتریش زۆرن.... . هتد**
**- پرسیار / خۆزگە چی یە؟**
**+ وەڵام / خۆزگە کانم، حەزم دەکرد وەک باڵندە یەک کە چەند ئازادە ئاوا ئازاد بوومایە و بهاتما یە موهابات سنوورم بۆ خۆشەویستی بەبوایەو هەموو دوونیام پربکردایە لە خۆ شەویستی بۆ ژیان**
**- پرسیار / ڕاتان بە ئافرەتانی شاعیرو گۆرانی بێژانی تازە چی یە. ؟**
**+ وەڵام / دەست خۆشی تەواو لەزۆرینەیەکیان دەکەم... کە زۆر پێم باشە کە خزمەتی ئەدەب و هوونەری تەوواوەتی کوردی دەکەن و هەندێکیش هەن بە ناوی تازەگەری لایان داوە لە تەوواوی شێعرو گۆرانی کووردی ئەوویش مێژوو بریاری لەسەر ئەدات. دەڵێم بەداخەوە لە بۆ ئەو کەسانەی پاڵ بەئەدەبی رەسەنی کووردی یەوە ئەدەن بۆ دونیایە کی نادیاری دەبەن**
**- پرسیار / بە کام شاعیر یان بەکام هوونەرمەند دڵ خۆشی. ؟.**
**+ وەڵام / ئێستا کەساییەتیەک هەیە بەناووی (شەریبان) بەراستی دەنووسێت و خزمەت بە ئەدەبی کووردی دەکات و وەمن زۆر بە سەر کەوتووی دەزانم.**
**- پرسیار / نازێ خان. جگە لە شێعروو گۆرانی بەچی ترەوە سەرقاڵی. ؟**

**+ وەڵام / جگە لەوە شێعرو گۆرانی بە شێکی زۆریان**
**لە ژیانم داگیر کردووە وە سەر قاڵی کاریشم بۆ بژێووی ژیان.**
**- پرسیار / ڕازی بە ژیانی ئێستای خۆت. ؟**
**+ وەڵام / نەخێر....**
**- پرسیار / جۆن ڕاتان گەیاند دەتانەوێ شێعرە کانت بڵاو بکەیتەوە و یان گۆرانی بلێی سەرەتایەکانت چی بوون. ؟**

+ وەڵام / بەراستی من لەو ئافرەتانە بووم زۆر بەسەختییەوە تێکە ڵ بە دونیای کاری هوونەری بووم بە خێوسەن ئەو بیرو برواپەم هەیە بۆخزمەت کردنی ئەدەب و هوونەری کوردی. من پێشم وایە گەر هوونەرمەند یان شاعیر لە ئازارو ئەشکەنجە کانی گەلەکەیدا نەژی ناتوانێ ئەدەب و هوونەرێکی ڕەسەن و راستەقینە پێشکەش بەگەلە کەی بکات بۆ ئەوەی ئێمەکاری جوانتر و باشتردرووست بخولقێنین دەبێت ئاگادار ژان و ژیانی دەووروپشتمان بین دەبێت پێنووسەکانمان ژانی گەلە کەمان بنووسێتەوە... من بۆ خۆم زۆر دەخوێنمەوەو گووێ لە ئاوازو گۆرانی بێگانەش دەگرم. من زۆر جاران شێعرەکانی حافزی دەخووێنمەوە پاشان دەمتوانی بچمە سەر وەفایی و زۆرینەی تر.... . هتد

تا بتوانم منیش خزمەتێک بکەم وەمن نامەوێ فەرهەنگی بێگانە تێکەڵ بەفەرهەنگی کوردی بکەم. بەڵکو دەمەوێ شارەزاییان ببم بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی گۆرانی کوردی بکەم، دەبێت ئێمە گۆرانیەکانمان بە کوردی بدووێن و بۆنی خاکو ئاووی کوردوستانیان لێ بێت، ئینجا من بەهوونەرێکی سەرکەوتووی دەزانم. ،

- پرسیار / کێ هاوکات یارمەتیت دەدات بۆ ووتنی گۆرانی و شێعر نووسین، ؟

+ وەڵام / بەداخەوە لەودەمانەوە کە دەستم داوەتە، هەتا ئێستا بە تە نیاو بەتەنیام تەنهاو تەنها.. بەڵام خەلکێکی زۆرهانم دەدەن بۆ گۆرانی ووتن و.... . هتد.

- پرسیار / ناووی ئەو نامیلکەو کتێبانەی هەتانەو ناووییان چی یە و ئەتوانن ناووی چەند چەند نامیلکە یەکیانمان پێ بلێ ی؟

+ وەڵام / سێ دانە بەزمانی فارسی چەند دانە یەکی تریش بەزمانی کوردی ناووی

1 - بەناووی تریفەهای موهتاب

2 - موجازات و تاوا

3 - مەرگی گووڵی سوور

4 - شەوو باران و تە نهایی... هتد

- پرسیار / تائێستا چەند کۆنسییەتت کردووە؟

+ وەڵام / من لە ئێران سێ کۆنسییەتم کردووە لە سەقز و مەریوان و سننە، کزۆرینەی ژنیارە کانیشم هەر ئافرەت بوون.

- پرسیار / تا ئێستا هیچ کۆمەلەو ڕێکخراوێک هاوکارییان کردوون؟ یاخوود یارمەتییان داوون؟

+ وەڵام / بە داخەوە نەخێر، ،

- پرسیار / ئایا هیچ جۆرە مۆسیکێک یاخوود دانیشتگایەکی مۆسیکت خوێندووە؟.

+ وەڵام / بە لێ ئاوواوزو مۆسیکی ئێرانی دەبێ بخووێنی ئینجا ئەتووانی گۆرانی بلێ ی.

- پرسیار / کۆمەلە گۆرانی فۆلکلۆریت ووتووە واتە لاسانی هونەرمەندان 1- مامۆستا عەلی مەردان 2- مامڵێ ی نەمر 3- هتد... کردۆتەوە؟ بۆیان هەلبژاردوویت یانخۆت هەلت بژاردووە؟

+ وەڵام / هەموویان هەرخۆم هەلم بژاردوون چونکە ئەو کەڵە هوونەرمەندانە خزمەتی هوونەری کوردیان کردووە جێگای شانازیمانە. بۆیەمن دەلێم ئەو هوونەرمەندانە گۆرانیان تەنها بۆ ئەو سەردەمەی خۆییان نەگوتووە، سەیر بکەین دەبینین حەسەن زیرەک گۆرانییەکانیان دەلێمەوەو دیکەمەوە بانگی شایەتی زینوویی کە ئێستا ش گووێ ی بۆ شل دەکەین. دەزانین چەند عەزاب لە دەروونیانەوەسەری هەلداووە، زۆر جار دەپرسم خودایە ئەم هوونە مەندە چەند عەزابی لە ژییانی خۆی خواردووە،

- پرسیار / گەر کەسێک بلێ من شاعیرم چۆن دەبێتە شاعیر؟ تەنها چەند ووشەیەک ڕێک بخات یان؟ + وەڵام / وەک ووتمان شاعیر دەبێت واقیع بێت دەبێت لە پاکی خۆی و قەلەمەکەی تەواو دڵ نیا بێت لە پێکهاتە ی تەوواوی کۆمەڵگاکەی بێت.

- پرسیار/ ڕات چی یە لە سەر ئەو هوونەرمەندانەی یان گۆرانی بێژانەی کە ناتوانن بۆ ژنانی گەلەکەیان شێعر بێت یاخوود ئاوازو گۆرانی بچڕن

+ وەلام / پێش شت بە هەموو کەس ناووترێت هوونەرمەند، ئەگەر کەسێک شێعرێک بنووسێت بێ رۆحم بێت یان بزووێنەر نەبێت، یان گۆرانی بێژێک بەزەبری پارە یان بۆ خۆدەرخستن گۆرانییەک بلێ ئەمە پێ ی نالێن هوونەرمەند دە بێت وەک ووتمان شاعیر یاخوود گۆرانی بێژ ئاگای لەژنانی دەووروبەرەکەی بێت واتە ئەمرۆ من ئافرەتێکم خۆم خۆم بە قەلەم بە دەست دەزانم دەردوو ژانی تەوواوی ژنانی دونیا بەدەردی خۆم دەزانم دەردوژانی تەوواوی ئینسانەکانی دونیا بەدەردی خۆم دەزانم پاشان ئەو هەموو دەردوو ژانی گەلەکەی خۆم بەدەردی خۆم دەزانم تاووانی هەڵەبجە و ئەنفال بەدەردی خۆم دەزانم قسەم بۆ هەڵەبجە هەیە شێعرم ووتوە ئەمانە هەموو دەردوو

ژانی منن وەدەڵێم مرۆڤایەتی خزم و دۆست و ئاشنا ناناسێ ئینسانەونابێ ڕێزی پێ بکرێت دەڵێ بەداخەووە زۆر ئینسان هەیە نازانێ بۆ چی دەژی و ئەرکی مرۆڤایەتی خۆی چی یە؟

پرسیار / لەرەنکە جوانەکانی سرووشت چ ڕەنگێکت پێ جوانە

+ وەڵام / شینی ئاسمانی و نارنجیم گەلێ لاجوانە

- پرسیار / ئەی لە گووڵی جوانی گوڵستان چ گوڵێکت لاجوانە،

+ وەڵام / ڕەنگ وگووڵی سووریشم خۆش دەووێ چونکە هەمیشە بۆنی عەشق و ئازادی لێ دێ

نازێ خان زۆر سووپاس ماندوومان کردیت نموونە تان زۆر بێت دەنگتان نەڕزێت، ، ، ، ، ،

سامان/ ناوەندی کۆمەڵەی کولتوری ئەڵمانیا